NHS Greater Glasgow and Clyde

**سەردانی Virtual (ناجەستەیی) کە تیایدا کەس ناوەندە**

**ڕێبەری فەیس تایم Face Time بۆ خزم و کەسوکار**

**ئەمە بۆ کێیە؟**

ئەم ڕێبەرە بۆ خزم و کەسوکارانەیە کە لە ڕێی بەکارهێنانی فەیس تایمەوە پەیوەندی وەردەگرن.

**لەبارەی ئەم ڕێبەرەوە**

فەیس تایم لەسەر بەرهەمهێنراوەکانی ئەپڵ Apple کار دەکات، واتە ئایفۆن، ئایپاد، کۆمپیوتەر / لاپتۆپی ماك MAC.

**چی دەکات؟**

فەیس تایم ئەپ app ێکی دەمەتەقێی ڤیدیۆییە. خراوەتە ناو ئایفۆن و ئایپاد و ماکەکانەوە. لەیەك پەیوەندیشدا چەندین کەس دەتوانن پێکەوە قسە بکەن.

**دامەزراندنی یەکەم جار**

- ئەپەکە بخەرە کار و ئەگەر پێشتر بەکارت نەهێنابێت، خۆت register (تۆمار) بکە. بۆ خۆ تۆمار کردن بە دوای ڕێنماییەکانی سەر شاشەکەدا بڕۆ.
- ئەگەر نیازتە ئایفۆنەکەت بەکار بهێنیت، ژمارەی تەلەفۆنەکەت بۆ دەستەی نەخۆشخانە بنێرە. ئەگەر دەتەوێت ئایپادەکەت یان ئامێرێکی تر بەکار بهێنیت، Apple ID (ناسنامەی ئەپڵ) ی خۆتیان بۆ بنێرە.
- ئەگەر دڵنیا نیت چۆن Apple ID ییەکەی خۆت لەسەر ئایفۆنەکە یان ئایپادەکە بدۆزیتەوە:-
  - بچۆرە سەر settings (کۆك کردن)
  - ئەپی فەیس تایم بدۆزەرەوە، دەبێت لەوێدا دێرێك هەبێت پێت بڵێت Apple ID ییەکەت چیە.

  یان ئەم ڤیدیۆیەی یوتیوب پیشانت دەدات چۆن بیدۆزیتەوە:
  https://www.youtube.com/watch?v=GbE-IaIfpCk

**چۆن پەیوەندییەك وەردەگریت**

- کرتە بکە / پەنجە بدە لە بازنە سەوزەکە بۆ دەرخستنی بژاردەکانی Accept قبووڵ کردن / Decline ڕەت کردنەوە




- لەکاتی پەیوەندیی فەیس تایم دا چەند شتێك هەن دەتوانیت بیانکەیت:-




- بۆ بێدەنگ کردنی پەیوەندییەکە پەنجە بدە لە دوگمەی mute (بێدەنگ). بۆ بەردانی دەنگ پەنجە لە دوگمەکە بدەرەوە.

**چۆن کۆتایی بە پەیوەندی دەهێنیت:**




- پەنجە بنێ بە بازنە سوورەکەی نیشانەی X ە سپییەکەی تیادایە، یان پەنجە بدە لە دوگمەی 'end' (کۆتایی پێ بهێنە)

چارەسەری کێشە Troubleshooting

- ئەگەر حەز دەکەیت ئەم ڕێنماییانە بە فۆرماتێکی تر ببینیت، تەماشای ئێرە بکە:
https://www.youtube.com/watch?v=TXLZ-egtIe0
- ئەگەر هەر زانیارییەکی زیارت یان یارمەتیت دەوێت، تکایە ئیمەیڵ بکە بۆ virtual.visit@ggc.scot.nhs.uk